# ئەو کوکوختیانەی بوون بە بەفر

زانا خەلیل
(بیلەفیلد - ئەڵمانیا)

لە ناو بوولێڵی زەمەنێکی ئەرژەنگدا ڕاچڵەکیم.
ڕابووم و
شەمعەی زاکیرەمم داگیرساند
پۆلێ کوکوختی بە سەریدا هەڵکورمابوون.
هاتەوە بیرم جارێ قەدەر قەرەجانە
پێی گوتبووم:



لە هەموو ئەوانەدا تەنیا یەکێک بخولقێنە.
من چیم کرد..؟
بێگومان پاش داگیرساندنی جگەرەیێ
درێژیی پرچی تاووسێکی ئێزدی و
شەرمنیی پرچی مامزێکی فارسم تێکەڵاو کرد..
خەندەی «ئەننا» و فرمێسکەکانی «هەتاو»م
تێکەڵاو کرد..
دڵی سۆزانییەکی قەرەج و
سۆزی ژنە ئەفریقییەکی ڕەوەندم تێکەڵاو کرد..
سینەی «ئەڤۆ» و
سمتی ڕەقی «لێنا» و
بەژنی ماینێکی تورکمانم تێکەڵاو کرد..
برۆنزیەتی گلێنەکانی «ڕووپاک»م هێنا و
لەگەڵ ڕەشاتی برژانگەکانی قەلەڕەشێکی بریندارم
تێکەڵاو کرد
لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر
گەرمایی جەستەی کوکوختییەکی ناسیار و
بەفرینیی پێستی «ئۆلگا»م تێکەڵاو کرد..
من هەموو ڕەنگەکانم تێکەڵاوکرد.
فەرمانی قەدەرم هێنایە جێ و
لەو هەموو کوکوختییەدا
بە تەنیا کوکوختییەکم خولقاند و
بەشێکی پەراسووی خۆمم پێ دروست کرد.
جگەرەکەم تەواو بوو.. نوستم.
سپێدە ڕابووم.
ئەو کوکوختییەی کە بڕیار بوو هەرگیز
هێلانەی سینەم جێ نەهێڵێ
وەکو کلووی بەفر
بە پێچەوانەی بەفر
ڕوو لە ئاسمان هەڵدەکشا
هەر هەڵکشا و هەر هەڵکشا
تا لەبەر چاودا ونبوو..
زەمەن هات و چوو
ڕۆژێ ئەو کوکوختییەم دیتەوە
ببوو بە بەفر
لە ناو چوارچێوەی شیعرێکی بێڕەنگدا.